The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# با به یەکگرتویمان له ڕۆژی 2007-6-24 " ناسینی پرسی ئەنفال به ژینۆساید و جیبەجیکردنی بڕیاری دادگا دژ به تاوانکاران له کوردستان و دادگاییکردنی بیَ جیاوازی سەرجەم تاوانکاران بەسەر دادگای باڵای تاوانەکاندا بسەپیێنین "

**هاووڵاتیانی کورد**

**کەس و کاری قوربانیان**

پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانکاران لەسەر دۆزی ئەنفال , گەیشتە قۆناغی دوا بڕیاری خۆی , هەرچەندە مخابن ئەو پرۆسەیە نەیتوانی بە چاکی له خزمەت بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان ئامانجەکانی خۆی بە باشی بپێکێك , وەلیَ یەکگرتویی ئێمە له ڕۆژی 24-6 دەتوانێت کۆمەڵێك داخواز بسەپێنێت له بەرژەوەندی دۆزی قوربانیان , هاتنە مەیدانی یەکگرتوانەی گەلەکەمان و بەرزکردنەوەی داخوازەکانی , ڕازی نەبوون بە بڕیاری ناڕەوا ئەرکی هەموو کەس و لایەنێکی بەرپرسە , بەرەو ڕوبونەوەی هەر بڕیارێکی ناڕەوا ئەرکی هەر تاکێکی و گروپ و لایەنێکی کوردییە , ئێمە داخوازەکانی خۆمان ڕوو له دادگای باڵای تاوانەکان لەم خاڵانەی خوارەدا پوخت دەکەینەوە :

- پێویستە بە ڕوونی دان بەوەدا بنرێت تاوانی ئەنفال کردەیەکی ژینۆسایدە .
- پێویستە هەموو تاوانکاران بڕیاری دادگایان بەسەردا جێبەجێبکرێت , بە هیچ بەهانەیەك نابێت لە کەس ببورن .
- هەموو ئەوانەی لە پرۆسەی دادگاییەکە ناویان وەك بەشداربوو لەو تاوانە هاتووە , کە سەرجەم ناوەکانیان لامان پارێزراوە , دەبێت بانگ بکرێن بۆ دادگا وەك تاوانکار لێکۆڵینەوەیان لە گەڵدا بکرێت .
- بڕیاری سەپاو بەسەر تاوانکاران پێویستە لە شوێنی تاوانەکانیان جێبەجێبکرێت لیژنەیەکی پسپۆڕی کوردی ئەو دەڤەر و جێگایانە دیاریبکات " , پێویستە لە ناوەندی ئەنجامدانی تاوانەکانیان سزاکانیان بەسەردا جێبەجێبکرێت .

## هاوولاتیانی خۆشەویست
## ئازیزان لە بەجێماوانی کارەساتەکان

جێبەجێکردنی بڕیاری دادگا دژ بە تاوانکاران لە هەمبەر ئەو تاوانانەی دژ بە گەلەکەمان ئەنجامیان داوە دەستکەوتێکی سیاسی گەورەیە بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان , هەرچەندە ئێمە پێمان وابوو دەبوایە جێبەجێکردنی بڕیارەکان هەڵبگرترایە بۆ کۆتایی پرۆسەی دادگاییەکەکان , بۆ ئەوەی سەرجەم دۆسیەکان مافی خۆیان پێبدرایا , بەهۆی ئەوەوەی ئەو داواکارییەمان نەهاتە دی , بۆیە لە ئێستادا داواکارین هەموو پێکەوە یەکگرتووانە پێشوازی لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی بڕیاری داسەپاو بەسەر تاوانکاران بکەین , چ لەو کاتەی داواکارییەکانمان جێبەجێدەبێت , پێویستە بە شێوازی شایستە پێشوازی لە بڕیارەکە بکەین , یاخود لەو کاتەی دژ بە ویست و مافەکانمان بڕیار دەدرێت یەکگرتووانە ناڕەزایەتی دەربڕین .

بەم هۆیەوە بۆ ئێمە ڕۆژی خوێندنەوەی بڕیاری کۆتایی دادگا " **24-6-2007**" ڕۆژێکی ئاسایی نییە , ڕۆژێکە تەرمی **182000** لە باشترین کەس و کارەکانمان داوای تۆڵەو مافەکانی خۆیانمان لێدەکەن , ڕۆژێکە پێویستە لە ئێستاوە لە سەرتاسەری جیهان خۆمان بۆی ساز و ئامادە بکەین , لێرەوە ئێمە بانگەوازی هەموو لایەك دەکەین یەکگرتووانە خۆمان ئامادە بکەین بۆ پێشوازی لە ڕۆژی **24-6-2007** کە ڕۆژی دانی دوا بڕیارە لەسەر دۆزی ئەنفال .

## پارت و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان

ئەرکی هەموو لایەکمانە لە کوردستان و هاندەران , یەکگرتووانە پێشوازی لە **24-6-2007** بکەین , بانگەوازی هەموو لایەکتان دەکەین بۆ کاری هاوبەش و پێشوازی یەکگرتوانە لە دوا بڕیار و خۆ ئامادەکردن بۆ پێشهاتەکان , پێشوازی شایستە لە مافی **182000** لە باشترین کەس و کارەکانمان , دەبا بە کاری یەکگرتوانە و هاوبەشمان ڕوحیانەتی بێکەسی قوربانیان ئارام بکەینەوەو گەلەکەشمان سەربەرز نیشان بدەین .

وەرن با هەموو پێکەوە پێشوازییەکی شایستە لە ڕۆژی **24-6-2007** بکەین .

# ناوەندی چاك

**[www.chak.com.uk](http://www.chak.com.uk)**

**2006-6-19**